کاتێک دەمامکی "کوردایەتی" دەکەوێ!.. عەبدوڵا ساڵح

دوای پتر لە سێ دەیە لە دەسەاتی "کوردایەتی"، ئەوتا بەرهەمی ئەم دەسەاتە، کە حزبەکانی ئەم بزووتنەوەیە پیادەیان کردووە، زۆر بەئاشکرا لە کوردستانی عەراق بەدی دەکرێ. ئەمڕۆ لە هەر سوچێکی ئەم سەرزەمینەی ناوی هەرەمی کوردستانی عەراق، جگە لە ڕق و بێزاری و نەفرەت لە دەسەات، شتێکی تر نابیستی، ڕق و توڕەبوونێکی پێنگخواردوو لە ئاگاری هەر تەقینەوەیەکدا ئەم تەخت و تاراجە دەکاتە تەزی بانان.

دەستەواژە سواوەکانی وەک (کوردایەتی- نیشتمان – خوێنی شەهیدان – کوردبوون – کوردستان یان نەمان …هتد) لە بازاڕی سیاسەتدا ئەمڕۆ لە کوردستان پوڵێک ناکەن، بەپێچەوانەوە بەرهەمی ئەم هاتوهوریایە بە ئاقارێک گەیشتوە کە بادانەوە بەرەو دەسەاتی مەرکەزی لە بەغدا بەتەواوەت و مەرامی بەشێکی بەرچاو لەم کەمەگایەدا و هەر هەنگاوێک بەو ئاقارە جێگای پەشوازیە! ئەوتا لە ڕاپرسیەکدا کە (دەزگای ستاندەر بە تەڕینەوە و پەڕپەدان) پێی هەستاوە لەژێر ناوی (ڕاپرسیەك دەربارەی دەخی هەرێم و ئایندەی هەبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان) کە پتر لە نە هەزار کەس بەشداری تێدا کردوە لەوەڕامی پرسیارێک دەربارەی ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم بە بەغدا کە ئایا لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە؟ لە سەدا حەفتاو نە (٧٩%) بە بەڵێ وەڵامی داوەتەوە(١).

ئەم خەی بەرهەمی ئەو نائومێدییەیە کە لە "کوردایەتی" پاشکەوت بووە و باڵی کێشاوە بەسەر کەمەگایەکی چەند ملیۆنی کە تا دوێنێ بەشێکی بەرچاوی فریوی شیعاری (کوردستان بەهەشتی زەمین – بەردی وەک گەوهەر – زێڕێک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەری – ئەی کوردینە با دەست لەناو دەست کەین هەموو …هتد) شیعارگەلێک کە ئێستا بەتە مایەی گاڵتەجاری.

ئەمڕۆ بەئاشکرا و زەر بەووونی ئەو دەمامکە لە ڕووی "کوردایەتی" لاکەوتوە و ڕووە ڕاستەقینەی دزێوکەی دەرکەوتووە کە جگە لە برسێتی، ماوەڕانی، خەفەکردنی دەنگی ئازاد، زیندان و ئەشکەنجە، بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان، نەخشی، نەخوەندەواری، بەبەشبوون لە هەموو خێشیەکی ژیان … چی تری لێپاشکەوت نەبووە!

ئەوتا ئێستا و لەژێر سایەی ئەم دەسەاتی کوردایەتییە، بەاوبونەوە و مامەڵە بە مادە هەشبەرەکان بەتە دیاردەیەکی ئاژانە،

برسیەتی و بەکاری بەرەکی سەدان هەزار کەسی گرتووە بەتایبەتی گەنجان و بەناچاری ڕۆگای مەرگ بەرەو هەندەران دەگرنەبەر تا لەم بارودۆخە دەرباز بن، دیاردەی سواڵ کردن، لەشفرۆشی، دزین، ڕفاندن، کوشتنوبڕین لەنێو ئەندامنی یەک خێزاندا، باوک ڕۆژانە خەڵکی دەکوژێ، بڕا بڕا دەکوژێ، بەمتمانەیی بە دەزگای دادوەری وای کردوە خەڵک پەنا بەرێتە بەر توانای خۆی بە تۆڵە سەندن، ئەمە جگە لە قوربانیانی ڕۆگاوبان کە دەکرێ وەک شۆڕشکێی بەردەوام، بەناو بەدەنگ، هەژمار بکرێ، خۆ دیاردەی ژنکوشتن لەسەر "شەرەف" دەمەکی کوردستانی بردەتە چەپەڵەی لیستی ئەو وڵاتانەی ژن تیایاندا دەچەوسێتەوە و دەکوژرێ ئەویش تەنیا بەتاوانی ژن بوون!
ئەم دەسەاتە بەجۆرێک بەتە جۆی نەفرەتی جەماوەر تەنانەت کارێ باشکانیشی، ئەگەر هەبن، بەگومانەوە سەیردەکرێن.
یەکێک لە دیاردە سەیر و سەمەرەکانی ئەم کوردستانە، مووچە دابەشکردنە، کە بەتە مەسەلەیەکی سیاسی و جۆرێک لە یاری چاوشارکێ! مووچە خۆر بەداخەوە کراوە بە "کێلە"ی مووچەکەی و وایلەکراوە ڕۆژ و سەعات بژمێرێ لە چاوەڕوانی لیستی مووچە و دابەشکردنی کە ئەویش لەژێر پاساوی نەبوونی پارەی کاش، هەندە جار، لەنیوەی ڕێدا دەوەستێ و کەمەڵێک نائومێدی بەدوای خۆیدا دێنێ و دەسەاتیش بەشەرمانە شانخاڵی دەکاتەوە لە ئاقاریدا!
لەنەو ئەم هەموو داخ و دەردە، لایەنێک بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە شان و قۆڵ ئادەوشێنێ و وادە و بەڵێنی بەدیهێنانی خەونی (کوردستان دەکەینە بەهەشت) بەجەماوەر دەدا و هەمان ڕێگای (بزوتنەوەی گۆران) دەبینێ کاتێک لە ئاپۆزیسیۆنی (شوباتی ۲۰۱۱)دا سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک بوو و بەقازانجی دەسەات شکستی پەهێنا و خامۆشی کرد، ئەم مەدەلە لە (نەوەی نوێدا) دەردەکەوێ. ئیسلامیستکان و حیزبەکانیشیان بەجۆرێک لای جەماوەر بە ڕەسید و ئیعتبار بوون کەتازە نە شیعاری (ئیسلام ڕۆگێ چارەیە و نە ترسی قەبر و قیامەتیش) نایخوا.
کوردستان و خۆروبۆرەکەی ئەمڕۆ بە مشتێک سەرمایەدارێ کە لەژێر سایەی ئەم دەسەاتەدا هەڵتەقیون، ئەوەتا (تەری هەوای گەرمیان) لە یەکێک لە ئاپەرتەدانگیکانیدا بەباوی کردەتەوە دەڵێ: لە کوردستان سەزدە (۱۳) ملیاردێر و دە هەزار (۱۰۰۰۰) ملیۆنێر هەیە!! ئەم خەی نیشانەیەکی زەق و بەئەملا و ئەولایە کە قوتبی بوونەوەی چینایەتی (polarization – جەمسەرگیری) لەم کەمەگایەدا دەردەخا، لە لایەک ڕیزی ملیۆنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژاران و مووچەخۆران و گەنجانی بێکار، لە لاکەی تری کەمایەتییەکی سەرمایەدار، ووە ئاستەقینەکەی ئەم کورداییەتییە بەرگریە لە

سەروەت و سامان و پارەزگاری یە لەم کۆمایەتییە، ئەمە لە کوردستان ژیان و خۆشبژێوی بۆ ئەوانیە پارەیان لەبەردەستە و بەس، هەر بۆیە بۆیە جیاکردنەوەی تیزی سەربەخۆی ئاو چەند ملیۆن کەس لەتیزی ئەم کۆمایەتییە ناکرێ باس لە ئاوگۆی تیشێیی بکرێ لە کوردستاندا.

ئەمە لە کوردستاندا زۆر بەئاشکرا بەرژەوەندی دوو چین لە ئارادایە – سەرمایەدار و کرێکار، ئەم دەستاتە لە هیچ ئامرازێک نەپرینگاوەتەوە و هەموو هێگایەکی گرتەتە بەر، وەک چاوچنۆکترین تۆژاڵ، لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندی سەرمایەداران، کەهێگا زۆر بەئاشکرا ئەم سیاستە ئابوریە نیولیبرالیزمە کە دەستات پیادەی دەکا لە کوردستاندا تاقیکردەتەوە، نەمانی کەرتی گشتی و ئادەستکردنی هەموو سێکتەرەکانی بەکەرتی تایبەتی وەک، خوێندن، تەندروستی، کارەبا، ئاو، بەشی زۆری خزمەتگوزاریێکان دەرئەنجامەکەشی ئەم نەهامەتییەی لە پاشکەوت بووە.

ئەمرۆ هیچ کونج و کەلەبەرێک نەماوە لەم کەهێگایەدا مەرکی چینایەتی پێوە نەبە، بۆیە بەرژەوەندی زۆرینەی ئاو جەماوەر بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکەش، بەستراوەتەوە بە گەردانی خەباتیان بۆ ئاسای سوشیالیزمەوە، هیچ هێگایەکی کە بە بەدیهێنای ئازادی و خۆشبژێوی و یەکسانی لەئارادا نەماوە، ئەمە تاکە هێگایە لەبەردەم ئەم کەهێگایەدا بۆ دەربازبوون لەم نەهامتییە و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ.

-.-.-.-

(١) سایتی شار پرێس ٦-٦-٢٠٢٣.